بەکاتی ناوەندی ئەوروپا27-7-2006 14:27

## له پەڕوایزی یەکێتی و چاکسازیەکان ... هەژار خۆشناو

**بەرەو بەرزایی دەچم ئەگەر چی وردم**
**خاکی بەر پێی تێکۆشەرێکی کوردم**
**مامۆستا "هێمن"ی مەزن**

ماوەیەکە لە نێو ڕیزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان چەندان دەنگ هەن داوای گۆڕانکاری دەکەن. چەندین کادیر و ئەندام لە ئاستە جیاوازەکان بە پرۆژە و ڕەخنە و پێشنیار داوای گۆڕانکاری دەکەن. سەرەتا پێش ئەوەی قسە لەسەر گۆڕانکاری و ڕیفرۆم بکەین پێوستە ناسنامە و مێژوو و ژینگەی یەکێتی بدرکێنین و دواتر لەسەر هەر دوو بنەمای گۆڕانکاری دروست (کات و شوێن) کار بکەین.
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ڕێکخراوێکە. گروپێکە. گروپیش کۆمەڵانی خەڵکن کە ناسنامەیان هەیە. واتە ئەگەر کۆمەڵە خەڵکێکت بینی لەبەردەم پارکی ئازادی ئەمە گروپ نیە چونکە بێ ئەوەی شتێک هەبێ ئەوانی لەوێ کۆ کردبێتەوە بێ خۆویستی بوونەتە کۆمەڵێک و هیچ پەیوەندیەک پێکەوەیان نا بەستێتەوە. کەواتە بۆ ئەوەی گروپێک یا ڕێکخراوێک دورست بێ. پێویستی بە چەند خاسیەتێک هەیە: کۆمەڵە خەڵکێک لە دوو کەس زیاتر. ناسنامە. ئامانج. پرۆگرامێکی دیاری کراو. ڕێکخستن (بینا. تەلار) . سەرکردە... چەندین خاسیەتی تر کەوا گروپەکە خۆیان دیاری دەکەن بەڵام دەتوانین ئەمانە بە سەرەکیەکان دانێین ئەگەر باس لە ڕێکخراوێکی سیاسی وەکو ی. ن. ک بکەین. وە دەبێ ئەوە بزانین ئەو ئەندامانەی ڕێکخراو پێک دێنن خۆویستانە لە گروپەکەن یا باشتر بڵێین لە پارتەکەن بۆیە هێزێکی سەربازی گروپ نیە.
چونکی ڕێکخراوێکی وەکو ی. ن. ک ئازادانە لە خەڵکی جۆراو جۆر لە هەموو ئاست و بوارەکاندا پێک دێ بێ گومان دەبێ گرفتی هەبێ و گرفتەکان بدرکێندرێن و چارەسەر بکرێن. چونکە هەموو گروپێکی ساغ بەردەوام دەژی بەردەوامیش گرفتی دێتە پێشەوە کە پێویستە بدرکێندرێن. ئەگەر ڕێکخراوێک گرفتی نەبوو ئەوە ڕێکخراو نیە بەڵکو تۆتالیارە و بڕیار لەلایەن چەند کەسێکەوە دەردەچێ بۆ نموونە یەکێتی چونکە ڕێکخراوێکی ساغە گرفتی بۆ دروست بوو بۆ ماوەی دوو مانگ زیاتر چۆن وەزیرەکانی حکومەتی هەرێم دابنێ. ٦٠ کاندیدی هەبوو دواتر بە هەڵبژاردن لەلایەن مەکتەب سیاسیەوە دیاری کران. بەڵام بینمان یەکێ لە ئەندامانی مەکتەب سیاسی پارتی ووتی"پارتی بە دوو سەعات هەموو وەزیرەکان دیاری دەکا" لە کاتی دیاری کردنی وەزیرەکانیش هەندێ وەزیر هەبوون لە پارتی بە چەند کاژێرێک پێش بوونیان بە وەزیر ئاگادار کراونەتەوە! وەک ئەوەی وەحی بۆ هاتبێ. بۆیە ئێمە دەبێ ئەوە بزانین ئەمڕۆ یەکێتی لەو پەڕی ساغی و دیموکراسی دایە.
گروپ لە ئەنجامی ئامانجێک دروست دەبێ بۆیە بەردەوام دەبێ خاوەن ئامانج بێ. ی. ن. ک لە ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان. فیدراڵی بۆ کوردستان. سەربەخۆیی... دوایی سەربەخۆییش یەکێتی ئامانجی دەگۆڕێ جا بە پێی یاساکەی (کات و شوێن) ئەگەر زارەوەی سیاسی بۆ بەکاربێنم دەڵێم ڕیالیستانە مام جەلالانە. ئامانجی دەبێتە بەرنامەیەک کە پێشکەشی دەکا. وەک دروست کردنی خوێندنگە لە نێجیریا. ڕێگەنەدان بە کێشانی جگەرە. چەندان شتی تر کە بە پێی کات و ژینگەی ئەوسا ی. ن. ک ئامانجی خۆی دیاری دەکا. بەڵام بۆ ئێستا بڕوا بوون بە فیدراڵی و هەوڵدان بۆ سەربەخۆیی کوردستان بە شێوەیەکی دیموکراسیە و سەردەمیانەیە. تا ئێرە ووشیەک یەکێتیی بۆ؟ ئامانجمان ڕوونە کە شتێکی نەتەوەییە و فیدرالیەت بۆ کوردستان و کورد مافی خۆیەتی وولاتی هەبێ.
گروپ بۆ ئەوەی ئیش و کارەکانی بە چاکی بەڕێوە بچێ لە نێو خۆیان تەلارێک (ڕێکخستن) دروست دەکەن جا بە پێی سیستەمێک دەبێ. کە کار ئاسانی بکا بۆ پێکەوە بەستنیان و مانەوە و گەشەکردنیان. جا ئەوەی کە یەکێتی پێویستیەتی هەڵوەشانەوەی شانە و زیاد کردنی مەڵبەند نیە چونکە هیچ شتێک لە کارەکان ناگۆڕێ و تەنیا ناو گۆڕین و بچووک کردنەوە یاخود گەورەکردنە. ئەوەی بۆ ڕێکخستن پێویستە ئامرازی پەیوەندی و زانیاریە. مەبەست لە ئامراز: نەبوونی تەلەفۆن و ئینتەرنێت نیە. بەڵکو لە نێو یەکێتی بەهۆیی کوتلەکاری و کوتلەبازی و دەستەگەری کە شتێکە ناتوانین لێی هەڵێین. تا ئەمەش هەبێ یەکێتی هەروا بێ ڕێکخستنێکی ڕێک دەمێنێتەوە. چونکە گرینگ نیە شانە هەڵوەشاوەتەوە و مەڵبەند زیاد دەکرێ بەڵکو کارەکان لە سەرەوە و بۆ خوارەوە دواتر لە خوارەوە بۆ سەرەوە بە شێوەی کلیل و قفڵ نیە کەواتە پێویستە پێش هەموو شتێ ئەوەی قسە و ڕەخنە و هەرچی هەیە لە ئەندام تا بەڕێز مام جەلال با کۆبکرێتەوە مەکتەب سیاسی بە هاوکاری کادیران و دڵسۆزان پێداهاتنەوە بکەن تا ڕێگە چارەسەری بۆ بدۆزنەوە ناڵێم لێکۆڵینەوەی لێ بکەن چونکە یەکێتی وولات نیە تا لێکۆڵینەوە و دادگایی بکا. ئەگەر چی لەم پرۆژەیی دوایی دا هاتووە کە لێپرسینەوە و لێکۆڵینەوە و دادگایی

دەکات. پێش هەموو شتێ یەکێتی نابێ ووشەیی دادگایی بەکار بهێنێ. بۆ حکومەتی لە نێو حکومەتێکی تر داناوە و خاوەن دادگایی خۆیەتی یاخود بنکەی سەربازیە؟ وەلام بۆ مەکتەب سیاسی جێ دەهێلم. دواتر با ڕیالیست بین لێکۆلینەوە لەگەڵ چەند کەس بکەین؟ خۆ یەکێتی لە سوید نیە. ئێمە لە کوردستانین سەددام سی ساڵ زیاتر برین و کوژتن و گەندەڵی بلاوکردۆتەوە. یەکێتی و پارتی هەتا دوێنێ شەڕی براکوژیان دەکرد. ئەمڕۆ عێراق بە دەست گەندەڵیەوە دەناڵێنێ. پارتی ئەندامی نەما پارچە زەویەکی نەداتێ. هەرچی کادیر و خەڵکی هەیە ئەگەر دوو موچەیان نەبێ ئەوە ژن و مێردێکی پارتی پێنج موچەیان هەیە و دوو یا سێ پارچە زەویشیان وەرگرتووە. جا نازانم یەکێتی دەیەوێ ئەندامانی خۆی دادگایی بکات؟ من ناڵێم با بەرەلایی و گەندەڵی لە نێو یەکێتی هەبێ بەڵکو ئەگەر لە سەرانسەری عێراق پێمان چارەسەر ناکرێ با لەگەڵ پارتی ڕێک بکەوین لەسەر بن برکردنی گەندەڵی و واستە و مەحسوبیەت ئەمەش بەوە ناکرێ یەکێتی دەزگای لێکۆلینەوە دانێ و کاک مەسعودیش بلێ ڤیلای لێپرسراوەکان دەروخێنین بەڵکو ئەمە گیان و خۆبەخشی دەوێ. من پێم وایە بۆ بنبڕکردنی گەندەڵی پێویستیمان بە شۆڕشێکی جیهانی هەیە. کەم حکومەت هەیە ئەمڕۆ لە جیهان بە هی سەرۆک بوشەوەش گەندەڵ نەبێ جا زۆری و کەمی هەیە. ئەگەر نا ئەوە ئێمە هەر خۆمان سەرقاڵ دەکەین بە لێکۆلینەوە و لێپێچینەوە کە وێنایی یەکێتیمان لای خەڵک گۆڕیوە و لە ماهیەتی یەکێتیمان داوە. ئەگەر لێکۆلینەوە بکەین دەبێ هەموو فایلی شەڕی ناوەخۆ و بەعسیەکان و واستەکان دەربهێنین. هەرچی لەم وولاتەی ئێمەیە تاوانبارە بگرە یەک بەرپرس نیە واستەی نەکردبێ ئەوەی نەشی کردبێ ئەوە هەرگیز چالاکی نەبووە دڵنیام لەو شتە چونکە وولاتی ئێمە بۆ ئەنجام دانی کاری چاکیش پێویستی بە واستەیە. بەلام ئەوەی نێو یەکێتیی بۆ دەستەگەری و کوتلە بازی نەبێ ئەوە بێگومان بە هەردوو لادا یەکێتیی لاواز دەکا. وولاتی ئێمە وولاتی سوید نیە. ئاغایی هەریەک لە کام عەشیرەتە بە یەک قسە هەزار چەکدارت بۆ کۆدەکاتەوە بۆیە دژی کوتلەم کا ئەمە لە ئەوروپا هەیە جیایە لەگەڵ ئەوەی کوردستان بە هۆی جیاوازی ژینگەکەی. وولاتێکە فێرەگەندەڵی بووە. لە هەموو شتێکە جیاوازە بە هۆیی کەش و هەواکەی کە بۆی دروست بووە بێگومان یەکێتیش لە ڕۆڵەی ئەم وولاتە پێک هاتووە. من پشتیوانی دەرنابڕم و دژیم. بەلام بە مەکتەب سیاسی خۆمان دەڵێم من هەرگیز گۆپاڵ بەهێز ڕاست ناکەمەوە و ئێوەش مەیکەن. لە 92 دا ئەوەی ڕۆژێ واژۆیکی بۆ بەعس کردبێ وەرمان نەگرت بەلام بینیمان پارتی لە دەنگدانە دەرچوو. جا ئەم مێژووە دووبارە مەکەنەوە و کەمێک ڕیالیست بن و بە پێی کات و شوێن کار بکەن ئەمڕۆش بۆتە ڕۆژی دەنگدان. ئەم ئیتالیایەی ئەمڕۆ منی لێ دەژیم. کاتی فاشیزم لە کۆی 1200 مامۆستای زانکۆ تەنیا 12 کەس واژووی بۆ فاشیزم نەکرد. کەچی لەسەر دەستی ئەوانەش ئەم وولاتەی دەیبینن بنیات نراوە. ئەمانە بەمانای ئەوەن نیە ئیمتیازات بدەنە هەموو خەڵکێک و لێپرسینەوە مەکەن بەلام ڕیالستانە مامەڵە بکەن.

گروپ بۆ ئەوەی بەردەوام هەموو شتێکی بە دەنگدان نەبێ سەرکردەیەک هەڵدەبژێرێ تا بڕیار بدات و نوێنەرایەتی گروپەکە بکات. (لیدەر) سەرۆک یا سەرکردە چەند جۆرێکی هەیە ئەوەی ئەمڕۆی یەکێتیی سەرکردەیەکی کەریسمایە. مامجەلال ئەو کەسەیە هەموو یەکێتی بە ڕێبەری خۆیی دەزانێ و ڕەخنەشی لێ دەگرن ئەمەش نیشانەی کاریسماتیکی ناوبراوە نزیکترین نموونەش ئەو کاتەی بەشێکی مەکتەب سیاسی کە لەنێویان کاک نەوشێروان و کاک کۆسرەت ئیمزایەن کرد سەبارەت بە دەسەلاتی مامجەلال ئەمە لەوە سەرچاوەی گرت کەوا لە دوای ڕووخانی ڕژێم گۆڕانکاری گەورە کرا. ئەوانەی ئیمزایان کرد لەگەڵ گۆڕانەکەدا هەستیان بە بۆشایی کرد بۆیە وایان زانی کەوا دەسەلات لە یەک لا کۆکراوەتەوە کەچی وا نەبوو بەڵکو کەسەکان دەبا پرۆڤەی کاتە و شوێنەکەیان کردبا. هەر بۆیەش کاک کۆسرەت لە پێشنیارەکەی بۆ هەڵبژاردنی یەکێتی مانەوەی مام جەلالە وەک سەرکردە چونکە یەکەم سمبولی پارتەکەیە لە سەر ئاستی جیهان دووەم لێهاتووی مام جەلالە لەگۆڕەپانی ئەمڕۆی سیاسەت.

یەکێتیی و سۆشیال دیموکرات

واقم ورماوە ئەوەندە ئەندامانی مەکتەب سیاسی باسی سۆشیال دیموکرات ئینتەرناسیۆنال دەکەن کە ئەوەندە شایەن و پێویست نیە. ئێمە با مام جەلالەنە بین بنەمامان کوردستان و شتە ستراجیدیەکانی کوردستان بپارێزین و ئیتر خۆمان نەبەستینەوە بە هیچ سیتەمێک. سۆشیال دیموکرات نەیتوانیوە ئەوروپا لە دوو جەنگی جیهانە ڕزگار بکا. ئەمڕۆ ڕەنگە شتێک بێ تەنیا بۆ دژایەتی کردنی ئەمەریکا. هەتا ئێستا تۆنترەقەیەکی بۆ کورد نەتەقاندوە. کەچی ئێمەش داوا دەکەین ئەو سیستەمەی تا ئەمەریکا ڕزگاری نەکردن هەر پێوەیان دەنالاند بکەینە پرۆگرامی چاکسازی بۆ یەکێتیی لەهەمان کات خۆی پێویستی بە چاک سازی هەیە. هەموو سۆشیال دیموکرات بێ ناتوانێ گرفتێکی کۆمەلایەتی سۆران و ڕانیە چارەسەر بکات. بۆ ئاراستەی یەکێتیی دەبێ سۆشیال دیموکرات دیاریی بکا باشە بۆ ئێمە ئاراستەی سۆشیال

دیموكرات دیاری نەكەین؟ ئەوان تا سەددام نەڕووخا ئێمەیان نەكردە ئەندامی كارا. بەڵام بۆ ئەوەی بە ئەمەریكا بڵێن ئەها سەیركە ئەوە ئەندامی كارەی خۆمانە و پەیڕەوی بەرنامەی ئێمە دەكا. هەر بۆیەش ئەم ساڵ هاتنە كوردستان!. لەم گەشتەیان سەرم سورما ئەوا یەكێتیی بە گەرم و گوڕیەوە پێشوازی لێكردن. بەڵام باش بوو مام جەلال هات بەخێرهاتنی كردن بەڵام بەشداری كارەكانیانی نەكرد نەك لەبەر ئەوەی كاری هەبوو بەڵكو هات پێیانی ووت یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان پێش ئەوەی ئەندامی كارایی سۆشیال دیموكرات بێ دۆستی ئەمەریكایە. ئەمەش جوانترین هەڵوێستی سیاسی بوو چونكە دەكرێ ئێمە ئاراستەیی سۆسیال دیموكرات بگۆڕین بەرەو جیهانێكی ڕیالیستانە. ئێمە بەرژوەندی كورد لە سەروی بەرژوەندی بەرنامەكەی ئەوانەوە دەدەنێین. چونكە ئەگەر ئەوان بڵێن كەركوك دەبێ بگەڕێتەوە سەر كوردستان ئەمە تەنیا قسەیە و نیو سەدە زیاتر باسی فەلەستین دەكەن تەنیا لەسەر لاپەڕەكانی ڕۆژنامەكانیان دەبینم. ئەمە بەو مانایە نیە كەوا بەهاكان پێشێل بكەین. ئەگەر نا ئەوە حزبی شوعی بەس بۆ شوعیەتی كرد ئەمڕۆ یەك پیتزا بەشیان دەكا. بزوتنەوەی ئیسلامی دەیویست خەڵك حەسیری بەخۆیی دا بدات و نان و قەسب بخوا سەرەنجام تەفر و تونا بوو بەڵام یەكگرتوو دوێنێ دروست بووە هەموو شەرعی داتاشیوە بۆ مەبەستەكەی خۆیی كە بۆتە سێیەم پارت لە سەرجەم كوردستان و دووەم لە ناوچەی پارتی-یەكێتیی دا.

كارەكانی ئێستا:

1- كۆكردنەوەی هەموو پێشنیار و ڕەخنە و پرۆژە و داوا و چاكسازیەكان و پێدا هاتنەوە و لەسەر بنەمایەكی ڕیالستانە نەك سۆشیال دیموكراتانە دواتر پرۆگرامی داهاتووی یەكێتیی لێ دابرێژرێ.

2- هەر خاوەن كوتلەیەك وا لە خواروی خۆی بگەیێنێ ئەندامی یەكێتییە نەك سەر بە كوتلەكەیەتی و ئەوەی هەیانە بیخەنە بەردەم مەكتەب سیاسی.

3- پەیوەندی بەهێز لەسەر بنەمایەكی دروست لە نێو ڕێكخستن كارابێ.

4- هەموو ئەندامانی مەكتەب سیاسی یەك لێدوانیان هەبێ سەبارەت بە گۆڕانكاری ی. ن. ك

پێش هەڵبژاردن:

1- ئامادەكردنی پرۆگرامێكی سەردەمیانە و پەسند كراو لەلایەن بەشێكی زۆری ی. ن. ك

2- مەكتەبی ڕاوێژ دابمەزرێ و ئەندامە كۆنەكانی مەكتەب سیاسی ببن بە ئەندامی ئەم مەكتەبە و كەسانی تازەی سەركردایەتی ببن بە ئەندامی مەكتەب سیاسی. بۆ هەر بڕیارێكی ستراتیژی هەردوو مەكتەب دەبێ لەسەری كۆك بن. كاری ڕۆژانەش مەكتەب سیاسی ئاسایی وەك كاری خۆی بەڕێوەی ببات و بڕیاری لێبدات. مەكتەبی ڕاوێژ بۆی نەبێ بڕیاری مەكتەبی سیاسی هەڵوەشێنێتەوە كاتێ دوو لەسەر سێی مەكتەب سیاسی لەسەری ڕازی بوون ئەمە شتی ستراتیژی ناگرێتەوە كە مەكتەبی ڕاوێژ و سیاسی شتە ستراتیژیەكان دیاری دەكەن. ئەگەر هەموو ئەندامانی مەكتەب سیاسی ئێستا دڵنیابن لەوەی كەوا بێ دەنگدان دەبنە ئەندامی مەكتەبی ڕاوێژ و ئەندامەتیان جیاوازیەكی ئەوتۆی نیە لەگەڵ مەكتەب سیاسی كوتلەش دروست نابێ.

3- مام جەلال وەك سەرۆك دەستنیشان بكرێ و وەك سیمبول بمێنێتەوە. د. بەرهەم ساڵح بكرێ بە سكرتێری گشتی و دینەمۆی یەكێتیی بێ. كاك نەوشێروان بكرێ بە لێپرسراوی مەكتەبی ڕاوێژ. كەسێكی گەنج و نوێ بكرێ بە لێپرسراوی مەكتەبی سیاسی.

4- یەكێتی هیچ مەكتەبێك هەڵنەوەشێنێتەوە بەڵكو مەكتەبی تر زیاد بكات. ئەمەش هۆیەكانی ووتارێكی ترە.

2006/07/06

ئیتاليا-
hajarkhoshnaw@hotmail. com